www.kurdistannet.org
27/09/02 01:231

# خانمە ئەدیبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیاوە کانی هەولێر!

زۆربا
Zorba1001@yahoo.com

چەند ڕۆژێکە سێ خاتونی ئەدیبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەسەردان هاتوونەتە هەولێر. وەکو بیستوومە زۆر بەجورئەتەوە سێ قۆڵی، بەبێ ئەوەی ببنە جانتای دەستی هیچ پیاوێك، خۆیان ڕێگەی کوردستانیان گرتۆتە بەرو سەرەڕای هەموو ئەو نارەحەتییانەی کە بۆ پەڕینەوە لەسنور لەئارادان، گەیشتوونەتە کوردستان. ئەوەیان جێگای ڕێزو دەستخۆشیە بەتایبەت کە ئەو خوشکە بەڕێزانە بەکەشکۆڵێکی پڕەوە هاتوون و چاویان لەوە نەبووە پیاوێك وتاریان بۆ بنووسێ و ئەوان بیخوێننەوە. بەڵام لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا پێموابێ هێندەیان شتی عەنتیکە لەپیاوانی هەولێر دیوە کە ئەگەر بچنەوە ئەو دیو دەبێ تاماوەیەکی باش بۆ خۆیان و خزم و برادەرەکانیان بەچڵێسیی پیاوەکانی ئێرە پێبکەنن و بیانکەنە نوکتە!

ئەوەندەی من ئاگام لێیە لەڕووی بایەخ و شوێنی مانەوەو بەو ڕێزو حورمەتەی کە پێویستە لێیان بگیردرێ، لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە کە میوانداریانە، درێغی نەکراوە، بەڵام ئاخ لەدەست هەندێ لە پیاوە چاوبرسییەکانی هەولێر! ئەوانە وەك بڵێی لەژیانیاندا ژنیان نەدیبێ‌و قەت سێ و چوار ژنیان نەهێنابێ! هەر خوا خوایانە موناسەبەیەك ڕێکخرابێت تا خۆیانی تێبخزێنن و ئینجا بێ ئەوەی بزانن باسی چی دەکرێ، ئاو لەلێوو لووچەیانەوە بێتەخوارو بەچاوە برسییەکانیان پارو پارو هەڵیانلوشن!

لەم ڕۆژانەدا لەبنکەی کاوەی ڕۆشنبیری، کۆڕێکیان بۆ سازدابوون، پێش ئەوەی ژنان ئامادە بوبن، پیاوەکان ریزی پێشەوەو تا سێ چوار ریز دواتریشیان داگیر کردبوو و ئاو لەدەمیان خزابوو. هەر یەکە لەبەر خۆیەوە ببوە کامیرای وێنەگرتن و لەبەری پێوە تا تۆقی سەر لێیان دەڕوانیین. لەفینالی دانیشتنەکەشدا، مامۆستا مەلایەك، بەزمانی فارسی شیعرێکی بەسەر یەکێکیاندا خوێندەوەو کە دیار بوو شەوی پێشوو بۆی دانابوو. ژنەی ماڵوێران وەختابوو لەشەرمان ببێتە یەك دڵۆپە ئاو. ئەوەندەی من تێیگەیشتم مەلا بە ژنەکەی دەگوت: (تۆ یەك شەو میوانم بە ئینجا بزانە چیت لێدەکەم و چیت بۆ ناکەم.. ئەی خانمەکەم بەخێر هاتی.. . .) ، مەلا تەمەنێکی باشی بەزاندووەو چاوی ئێرەو هۆوێ نابینێ، ئەرێ مەلا بەڕاست ئەگەر ئەو ژنە میوانت بایە چیت لێدەکرد؟؟؟! ئەوەیان مەلا، بەڵام ئەی ئەوانی تر؟ لەولاتر یەکێك کە (جێگری) پێدەڵێن، ئەویش لەریزی پێشەوە دانیشتبوو، بەحوکمی ئەوەی لەزمانی فارسی تێدەگەیشت، پڕ بەدەمی هاواری دەکرد: (مامۆستا دووبارە. . مامۆستا دووبارە. .) ! ئای لەو کارەساتە!!!!!

گوێم لێبوو پیاوەکان سەریان لەبن گوێی یەکتری دەناو مەدحی جەستەو ڕووخساری ژنەکانیان بۆ یەکتری دەکرد!!!

ئینجا بەبێ ئەوەی ئاگایان لەوەبێ کە ئەو ژنانە باسی چییان بۆ دەکەن، لەپڕێکا دەستیان دەکرد بەچەپڵە لێدان. بەڕێوەبەرانی کۆڕەکەش وەك ئەوەی لەدنیادا ئافرەت قاتی بێت، چووبوون کیژۆڵەیەکی هێنابوو کۆڕەکەیان پێ بەڕێوە دەبرد کە بەچیرۆکنووسی دەگوت: پسپۆر لەبواری چیرۆك!

کەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر مەسەلەکەش هات، پیاوان هەستان و دەستیان کرد بەموجامەلەو تەنانەت یەکێك کە یەکەمجار بوو لەو شوێنە ئامادە دەبوو، هەستا بەسەر ڕۆژی (٨) ی مارسدا شیعری خوێندەوەو تا بۆی کرا بەشانوباڵی ژنانیدا هەڵگوت!!!

ئەوانە لەلایەك و سەیر ئەوەشە کە دامو دەزگاو ناوەندە بەناو ڕۆشنبیرییەکان کە هەموویان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچن لەسەر بانگهێشتکردن و میوانداریکردنی ئەو سێ خانمە وەختە لە کێبرکێدان پێتان وانەبێ ئەمە لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەمانە بەتەنگ ڕۆشنبیریو مافەکانی ژنەوەن، نەخێر، بۆیان بلوێ‌و لەژنەکانیان نەترسن لەگەڵ گۆڕینی سەیارەکانیان ژنەکانیشیان دەگۆڕن و مۆدیلیان تازە دەکەنەوە، ئەوەی ئەوان دەیکەن لایەکی بۆ ئەوەیە تێر تێر چاو و ورگیان بلەوەڕێنن و لایەکەی دیکەشی بۆ ئەوەیە کە دوای میوانداری کردنەکە وەسڵێکی خەیاڵی بنێرنە سەرووی خۆیان بە بەردێك دوو کێڵ بشکێنن!

بەکورتییەکەی وایانکردووە ئیتر مێینە نەوێرێ بەتەنیا ڕوو لەم ناوە بکات و وەك برادەرێك گوتەنی، ئەم سەفەرە بۆ حەفت پشتیان بەسە.

www.kurdistannet.org